**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بەناوی گەلەوە**

بەپێی برگــەی (1، 5) لــەماددەی (10)ی یاسـای ژمـارە (1) سـاڵی 1992ی هـەموارکراو و لەسـەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (20) لـە 2009/6/22، ئەم یاسایەی دەرچواند:

# یاسای ژمارە ( 9 ) ی ساڵی 2009
# یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ژمارە ( 16 ) ی ساڵی 2008

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی شەشەم لەیاساکەدا هەموار دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** پرۆژەی دەستوور دەخرێتە بـەر ڕاپرسـی گشـتی و دووای پەسـندکردنی لـە پەرلـەمان لای کـەم بـە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانیەوە.

**دووەم:** پرۆسەی ڕاپرسی گشتی لەسەر پرۆژەی دەسـتور لـە رۆژی شـەممە ڕێکـەوتی 2009/7/25 ئـەنجام دەدرێت بە دەنگدانێکی نهێنی ڕاستەوخۆ و سەرتاسەری.

**سێیەم:** ڕاپرسی بە ڕادەربڕین دەبێ لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

{ئایا تۆ ڕەزامەندیت لەسەر پڕۆژەی دەستورکە؟ وەڵامەکەشی بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت}

**ماددەی دووەم:**

ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ژمارەیەکی بەرچاو لە پرۆژەی دەستوری پەسندکراو لە پەرلەمان بە زمانەکانی پەیڕەوکراوی هەرێم (کوردی، عارەبی، تورکمانی و سریانی)چاپ دەکرێ بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەستی گەل لە ڕاپرسیەکی گشتی دا.

**ماددەی سێیەم:**

برگەی دووەم لە مـاددەی هەشـتەم هـەمواردەکرێت بـە زیـادکردنی ئـەم دەربڕینـەی خـوارەوە لـە کۆتـایی برگەکەدا:

(بۆی هەیە سەبارەت بەوە پەیرەوی پێویست بەپێی ئەم یاسایە دەربکات)

**ماددەی چوارەم:** دەبێتە ماددەی هەشتەمی (دووبارە):

پرۆژەی دەستورەکە بە پەسندکراو دەژمێردرێت بە بەدەستهینانی دەنگی زۆرینەی دەنگدەران لـە ڕاپرسـیەکی گشتیداو بەکارپێکراویش دادەنرێت دووای تێپەڕبوونی (30) ڕۆژ بەسەر ڕاپرسیەکەدا.

**ماددەی پێنجەم:** دەبێتە ماددەی نۆیەمی (دووبارە):

ئەو کەسەی شیاوی دەنگدانی هەیە بۆ ڕاپرسی سەر پڕۆژەی دەستورەکە دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

1- دەبێ عێراقی ولە هاولاتیانی هەرێمی کوردستان بێ وە هەژدە سالی تەمەنی تەواو کردبێت.

2- دەبێ ناوی لە تۆمارگەی دەنگدەراندا تۆمارکرابێت.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 15ی سالی 2009 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.